زانكۆی سەلاحەدین/ كۆلێژی ئاداب
قۆناغی چوارەم/ بەیانیان
بەشی ڕاگەیاندن

# ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی

# International Media

مامۆستای بابەت
د. باران محمد

ساڵی خوێندن/ كۆرسی یەكەم
(2024 -2025)

**پێناسەی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی:**

بریتییە لە تەواوی ئەو چالاکییە پەیوەندییکردنانەی ئامانجی دەولەمەندکردنی جەماوەری نێودەولەتییە، بە ڕاستی و هەواڵە دروستەکان بە پرس و بابەتە نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە. دەبێتە هۆکاری دروستکردنی زانین و زانیاری لای جەماوەر.

میدیای نێودەوڵەتی ئەو میدیایەیە سروشتێکی نێودەوڵەتی هەیە و ناوەڕۆک و پەخشەکەی بەربەست و سنوری وڵاتان دەبڕێت، میدیای نێودەوڵەتی خاوەن هێز و کاریگەرییەکی زۆرە لەسەر هەردوو ئاستی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی، ئەو هێز و کاریگەرییەشی لە قوڵی و تێروتەسەلی و هەمەچەشنی ناوەڕۆکەکەی سەرچاوە دەگرێت، هەروەها بڵاوبوونەوەی بە زمان یاخود چەند زمانێک کە ڕێگەی پێدەدات لەسەر ئاستی جیهانیدا بڵاوببێتەوە و کاریگەری بنوێنێت.
(ماکفیل_Mcphai) وا پێناسەی میدیایی نێودەوڵەتی دەکات  بریتییە لە "ئاڵوگۆرکردنی کەلتوور، سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هونەر، لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنەوە، کاریگەرییەکانی لە نێوان وڵاتان یاخود لە ڕێگەی بڕینی سنووری نێوان وڵاتان" دەردەکەوێت.

هەروەها دکتۆر (محمد نصر مهنا) ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی بەمشێوەیە دەبینێت: (بریتییە لەو میدیاییەی  سنور تێدەپەڕێنێت، بەمەبەستی دۆزینەوەی بارودۆخێکی لەبار لەلایەن ڕای گشتی جیهانی پاڵپشت بەو وڵاتەی خاوەنی میدیا نێودەوڵەتییەکەیە لە بارودۆخە دبلۆماسییەکان و سیاسەتی دەرەکی و هاوپەیمانی و لێکتێگەیشتنەکانی).

بۆیە دەکرێت بڵێین میدیایی نێودەوڵەتی: ئەو میدیا ئاراستەکراوەیە کە سنوری وڵات تێدەپەڕێنێت بۆ گەیشتن بە جەماوەری دەرەکی لە ناوچەی جوگرافی بەئامانجگیراو، بۆ بەدەستهێنانی دوو ئامانج:

**یەکەم/** ناساندنی گەلانیتر بە ڕاستی دۆخی ڕۆشنبیری و فیکری و شارستانیەتی ئەو وڵاتە، شیکردنەوەی دیدگا و ڕوانگەی سیاسی سەبارەت بە کێشە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و نێوەخۆییەکان، هەروەها پاڵپشتیکار بۆ سیاسەتی دەرەکی.

**دووەم/** پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هەواڵی و ڕۆشنبیری بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕای گشتی نێودەوڵەتی یاخود هەرێمایەتی، بە زانیاری دروست و پەیوەست بەو پرسانەی جێگای بایەخن.

**شیکردنەوەیەک بۆ پێناسەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی:**

1. کاریگەری ڕاگەیاندن وەک شێوەیەک لە شێوەکانی پەیوەندیکردن، تەنها لە چوارچێوەی سنوری نیشتیمانی نامێنێتەوە بەڵکو سنوور دەبڕێت.
2. پێناسەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی تەنها لە گواستنەوەی هەواڵ کورت نابێتەوە بەڵکو زانیاریش دەگرێتەوە وەک ئەرکێک لە ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی.
3. دروستکردنی کاریگەری، پەیامەکە سیاسی بێت یان کۆمەڵایەتی، ئابووری، کاتبەسەربردن مەبەستیەتی ئاراستەی بیروبۆچوون بگۆرێت.

لە ئێستادا تێکەڵی و بەیەکەوە بەستنێکی تۆکمە هەیە لەنێوان ئامرازە جەماوەرییەکانی ڕاگەیاندنی وەک تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و سۆشیال میدیا، ئەم تێکەڵ بوونە وایکردووە ئاسان نەبێت جیاوازی بکرێت لەنێوان ڕاگەیاندنی نیشتیمانی و نێوەخۆیی، هەروەها هەرێمی و نێودەوڵەتی. هەریەکێک لەم میدیاییانە لەتوانایان هەیە سنوری سیاسی ئەو وڵاتە ببەزێنن.

**خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی:**

1. میدیای نێودەوڵەتی نوێنەرایەتی جۆرێک لە بەیەکەوە بەستنی نێوان کولتوورەکان و شارستانییەتە جیاوازەکان دەکات، ئەمیش هۆکارە بۆ بەرەوپێشبردنی گەلان لە گشت بوارەکاندا.
2. ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی ئامرازێکی گرنگە لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەکی، لەگەڵ ئامرازەکانی تر کاردەکات بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی سیاسەت.
3. ناسراوە بە برینی سنوری نێوان وڵاتان و گەلان، بەتایبەت بەهۆی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا.
4. لەزۆربباردا ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی گرنگی دەدات بە کۆمەڵانی کاریگەر لە سیستەمی سیاسی، وەک: کەسانی نێو حیزبە سیاسیەکان و ئەندامانی پەرلەمان، چالاکوانان لەبواری مافەکانی مرۆڤ هەروەها دامەزراوە کاریگەرەکان لە بواری دارشتنی بڕیای سیاسی.
5. ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی ناسراوە بە ئامانجداری، جەماوەر بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەئامانج هەڵدەبژێرێت.

6. گرنگی و بایەخی میدیایی نێودەوڵەتی لە کاتی قەیران و شەردا زیاتر دەردەکەوێت، هەوڵدەدات بۆ دروستکردنی هەستی دژ بەرامبەر بە دوژمن هەروەها شکاندنی رۆحی مەعنەوی دوژمن.
7. لەهەندێکباردا میدیایی نێودەوڵەتی دەناسرێت بە تێکەڵەیەک لە پروپاگەندە و ریکلام، بۆیە دەکرێت ناوی لێبمرێت (میدیایی پروپاگەندەیی نێودەوڵەتی).
8. میدیای نێودەوڵەتی لە مێشکی شارەزایان و خەڵکی گشتیدا، پەیوەستە بە پەخشی دەنگی یان ڤیدیۆیی، زیاتر لەوەی پەیوەندی بە ڕۆژنامەگەرییەوە هەبێت، ئەو بڵاوکراوەیەی کە ڕەنگە دەستی بەسەردا بگیرێت و ڕێگری لێبکرێت و سانسۆر بکرێت، بۆیە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت لە گرنگترین ئامرازەکانی میدیایی نێودەوڵەتین.
9. میدیای نێودەوڵەتی لە هەندێککاتدا، ئەرکێکی نوێنەرایەتی ئەنجام دەدات، ئەمیش بە نوێنەرایەتیکردنی ئەو وڵاتە یان ڕێکخراوەی کە سەر بەو وڵاتەن، ئەم ئەرکە لەلایەن ڕاوێژکاران و هاوپێچەکانی میدیا لە باڵیۆزخانەکانی ئەو وڵاتە و نووسینگەکانی ڕ اگەیاندن لە ئەستۆی دەگیرێت.

**خەسلەتەکانی ئەو میدیایانەی کە نێودەوڵەتی نین ، ئەمانەن:**

1. داننەنان بە پێویستی جیاکاری نێوان ئەرکەکانی میدیایی نێودەوڵەتی و پێویستییەکانی، هەروەها لە نێوان میدیاییەکی نێوەخۆیی و پێداویستییەکانی.
2. داننەنان بە پەیوەندی نێوان پلاندانانی سیاسی و پلاندانانی پروپاگەندەیی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
3. کەمی کارمەندی میدیایی پیشەیی بۆ کارکردن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.
4. کەمی باکگراوەندی ئەکادیمی ئەو کەسانەی لە میدیایی نێودەوڵەتی کاردەکەن.
5. بەردەستنەبوونی توانای ماددی پێویست، یاخود بەهەڵە بەکارهێنانی.
6. نەبوونی هەماهەنگی تەواو لەنێوان دامەزراوە زانستییەکانی ڕاگەیاندن و دەزگا میدیاییەکان.

**هۆکارەکانی سەرکەوتنی میدیایی نێودەوڵەتی:**

1. پێویستی بوونی پلانێکی زانستی و ڕێکخراو بۆ ڕاگەیاندنە نێودەوڵەتییەکە.
2. پێویستی بوونی هەماهەنگی لەنێوان ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی و کاری دبلۆماسی.
3. پێویستی بەکارهێنانی زمانی بەرژەوەندی و هەوڵدان بۆ ئازادبوون لە بەکارهێنانی زمانێکی پڕ هەست و سۆز و هەڵەشە، بەو پێیەی میدیایی نێودەوڵەتی میدیاییەکی بەرژەوەندیخوازە.

**چۆنیەتی کارکردنی سیستەمی میدیای جیهانی:**

(فارس ئاشتی) لە کتێبەکەیدا بەناوی (الاعلام العالمی) باس لە چۆنیەتی کارکردنی ئەم مەنزومە میدیاییە جیهانییە دەکات و بۆ ئەم بەشانە دابەشیان دەکات:

**یەکەم: تەکنەلۆژیای میدیای جیهانی:**

أ. سیستەمی مانگی دەستکرد

ب. تۆڕی ئینتەرنێت

**دووەم: دەزگا میدیاییە جیهانییەکان**

أ. ئاژانسە هەواڵییە جیهانییەکان

ب. کەناڵە تەلەفزیۆنییە جیهانییەکان

ت. گۆڤار و ڕۆژنامە جیهانییەکان

ث. خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە

ج. کۆمپانیاکانی کاتبەسەربردن: وەک گرووپی لودبرۆک, واڵت دیزنی, تایم وانەر, کۆلۆمبیا پرۆدکاستینگ CBC, NBC, CNN, ABC, نیوزکۆرپەرەیشن, برتلسمان...

**سێیەم: دەزگا ریکلامییە جیهانییەکان:**

هەندێک گرووپە ریکلامی لەسەر ئاستی جیهانی هەن وەک: گرووپی ساتشی و ساتشی, گرووپی ئەمینکۆم, گرووپی ئینتەرپەبلیک...

**چوارەم: دەزگا پیشەسازییە جیهانییەکان**

**پێنجەم: ئەو دەزگایانەی کاری میدیایی ڕێکدەخەن**

میدیای جیهانی بەشێوازی جۆراوجۆر کاردەکات و هاوشان لەگەڵ گەشەکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لە جیهاندا گەشەی کردووە, بەشێوەیەکی گشتی میدیای جیهانی بەم ڕێگایانە کاردەکات:

**یەکەم:** هەڵقوڵینی ئازادانەی زانیاری: ئەویش بەدوو شێواز:

أ. هەڵقوڵینی ئازاد بۆ ئەوانەی کە سەرپەرشتی ئامرازە میدیاییەکان دەکەن, پێکدێن لە پیاوانی کار و کۆمپانیا ئابوری و پیشەسازییە فرە ڕەگەزەکان.

ب. هەڵقوڵینی ئازادانە لەو وڵاتانەی ئەم دەزگایانەی لەخۆگرتوە.

**دووەم:** پەخشی خێرا و بەردەوامی پەیامە میدیاییەکان.

**سێیەم:** سەرتاپاگێری و جۆراوجۆری پەیام.

**کێشە و ئاریشەکانی پەیوەندیکردنی نێودەوڵەتی:**

هاوشان لەگەڵ گەشەسەندنی خێرایی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و میدیایی نێودەوڵەتی, چەندین کێشە و ئاریشەی جۆراوجۆر هەن, شارەزایان و پسپۆڕانی بواری میدیا ئاماژەی پێدەکەن, ئەوانیش:

**1 . جیاوازی لە دەستخستنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن:**

جۆری کیشەکانی پەیوەست بە پەیوەندیکردن لەنێوان وڵاتاندا جیاوازی هەیە, لە کۆمەڵگایەک بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. ئەگەر کۆمەڵگە پیشەکەوتوەکان کێشەی زۆری سەکۆیی میدیایی و خێرایی لە پەخشی میدیایی و پێڕانەگەیشتنیان هەبێت, ئەوا هەندێک لە کۆمەڵگەی دیکە نەبوونی ئامرازەکانی پەیوەندیکرد یاخود بەدەست کەمیی و بێ کۆلێتیەوە دەناڵێنن.

جگە لەو پەیوەندییە بهێزەی لەنێوان سیاسەتی نێودەولەتی و ڕای گشتی نیشتیمانی و جیهانیدا هەیە, چۆن هەر یەکەیان کاریگەرە لەسەر ئەوەی تریان, ئەوە هێز و پێگەی وڵاتیش کاریگەرە لەسەر میدیا واتە ئەگەر وڵاتێک پێگەی لە ملمڵانێ نێودەوڵەتیەکاندا ئەوا ڕەنگدانەی دەبێت لەسەر پەیامە میدیاییەکانی.

**2. جیاوازی لە تێروانین و فەلسەفەی پرۆسەی پەیوەندیکردن:**

جیاوازی نێوان وڵاتان لە تێڕوانین و فەلسەفەیان بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردن و مافی میدیا و ئازادی ڕادەربرین لەسەر ئاستی نێودەولەتی, کێشە دروستدەکات و کاریگەری لەسەر پرۆسەی پەیوەندیکردن هەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ وەک: (کیشەی جیاوازی تێگەیشتن لە ئازادی و پراکتیزەکردنی لە واقیعدا).

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئامرازە میدیاییە نوێیەکان توانیبێتیان جیهان بکەن بە شاشەیەک, ئەوا هەندێکجار خودی ئەم ئامرازانە پەرتەوازەیی خێزانی و نەخۆشی دەروونی و تێکدانی شیرازە کۆمەڵگەی لێ کەوتۆتەوە.

**3. زاڵبوونی میدیا و سڕینەوەی کلتووری:**

ئەوانیش لەم خاڵانە کورتدەکەینەوە:

أ. هەژموونی لایەنێک لەبواری پەیوەندیکردندا: هەوڵی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لە وڵاتانی رۆژئاوا بۆ سەپاندنی دەسەڵات و تەرزی بیرکردنەوەیان بەسەر وڵاتە دواکەوتوەکاندا, ئەو وڵاتانەی بەدەست کەمی هۆشیاری, تەکنەلۆژیای میدیایی, هەروەها قەیرانی ئابوورییەوە دەناڵێنن.

ب. داگیرکردنی ئەلیکترۆنی: ئەویش چەند لایەنێک دەگرێتەوە, کتێب و مانگی دەستکرد, بەرنامە ئەلیکترۆنییەکان, فیلم و دراماکان, ئامێرە تەکنەلۆژییەکان... هتد..

ت. سەپاندنی کلتوری

ث. بەکارهێنان لەچوارچێوەی ململانێدا: بەو پێیەی میدیا ئامرازێکە لە ئامرازەکانی پاراستنی سیاسەت و ئایدیا, میدیایی نێودەوڵەتیش ڕای گشتی جیهانی ئامادە دەکات بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی دیاریکراو بەو شێوازەی کە خۆی دەیەوێت.

**4. بڵاوکردنەوەی رق و کینە و دەمارگیری:**

هەندێککات ئامرازەکانی میدیا بەکاردەهێنرێن بۆ هاندان و بڵاوکردنەوەی دەمارگیری و رق و شەر و ئاژاوە لەنێوان پرسە نەتەوەیی و ئاینیەکاندا و بڵاوکردنەوەی درۆ و بەکارهێنانی بۆ توندوتیژی, هەروەها هەندێکجار بیرکردنەوەی مرۆڤ قۆرخدەکات لە یەک جۆر بیرکردنەوەی نامۆدا.

**جیهانگیری و ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی:**

پرۆسەی جیهانگیری کارکردنە بۆ کاریگەری دانان لەسەر کۆمەڵگاکانیتر بۆ ئەوەی بێنە ژێر ڕکێفی جیهانگیرێتییەوە کە لەلایەن وڵاتێکی دەسەڵاتداراوە ئاراستە دەکرێت, لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە وڵاتی دەسەڵاتدار لەو بڕوایەدایە نموونەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی ڕاست و دروستە, بۆیە دەیەوێت بیکاتە بەهایەکی جیهانگیر.

لەسەر ئاستی دەرەوە دەوڵەت کەوتۆتە بەر زەبری بەجیهانیکردن, پرۆسەیەکە سەروەری کلاسیکی دەوڵەتی لاوازکردووە. لەرووی سیاسییەوە دەوڵەتان کە زۆربەیان دیموکراسین, ڕووبەرووی ئاریشە دەوڵەتبڕەکان بونەتەوە وەک: تێکچوونی ژینگە, نەخۆشی, تاوان و تەکنەلۆژیای خۆسەپێنەکان. ڕێکارە هەرەوەزییەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە تادێت زیاتر لە دەوڵەتان دەخوازن سازش لەسەر سەروەرییان بکەن. لەبواری ئابووریدا بازارە داراییەکانی دەوڵەتان بەشێوەیەکی پێکەوەبەستراو جیابوونەوەیان نییە. کۆمپانیا فرەنەتەوەکان و بەنێودەوڵەتیکردنی

بەرهەمهێنان و بەکاربردن وایکردوە لەهەر کاتێک زیاتر زەحمەت بێت بۆ دەوڵەتان ملکەچی هێزە نێودەوڵەتییەکان بن.

لەڕووی کلتورییەوە بەجیهانیکردن پەرەی هەم بە چۆنیەککردن و هەم جیاوازیکردن داوە, لەلایەکە خەڵک لەسەرتاسەری جیهاندا کلتورێکی هاوبەشیان هەیە لەڕێگای تەماشاکردنی هەمان سینەما گوێگرتن لەهەمان میوزیکەوە, لەلایەکیترەوە خەڵکی بەپەرۆشن بۆ ئەوەی لەناو ئەو هێزە چۆنیەککارە کلتورییەدا خۆیان جیاواز بکەن بە پاراستنی زمانە خۆماڵییەکەیان, یان بە فشار دروستکردن بۆ سەربەخۆیی لۆکاڵی سیاسی و ئابووریان, زیادبوونی بەجیهانیبوون هەم دیموکراتیزەکردن و هەم هێزی سەرهەڵدراوی بزوتنەوە دەوڵەتبرەکانی زیادکردووە.

**ئەرکەکانی جیهانگیری:**

1. کۆنترۆڵکردنی ئەندێشەی کۆمەڵ، میدیا و تەلەفزیۆن کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر منداڵ و هەرزەکاران هەیە، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوەی ڕەفتاریان سەرەرای ئەوەی لە هەموو چینێک زیاتر شارستانیەتەکانی دیکە کاریان تێدەکات. هەرزەکار و لاوان کە جیهانگیرەتی میدیا زیاتر لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنیانە ناتوانن خۆڕاگر بن.
2. داڕشتنی ژیانی ڕۆژانە بە شێوەیەک کە ڕوو لە گۆڕان نەبیت، ئەویش بە بەتاڵکردنی مێشکی خەڵک، ئەم جۆرە داڕشتنە ئاڵۆزی و مەترسی خۆی هەیە، چونکە لە بەتاڵکردنی شێوەی بیرکردنەوەی کەلتوری میللەتانە لەرێگەی جەختکردنەوە لەسەر شتی بێ بایەخ.
3. دارشتنی هەستی مرۆڤایەتی و کۆنترۆڵکردنی بەو شێوەیەی کە دەیەوێت، کۆنترۆڵکردنی ئەندێشەی کۆمەڵ لە ئەنجامی کۆنترۆڵکردنی کەلتوری میللەتان.

4. پشتگوێخستن و بێ بەها دانانی سەرچاوەی ڕۆشنبیری و داهێنراوە مرۆڤایەتییەکان کە داهاتێکی ماددی زۆریان لەدواوە نییە، بەگوێرەی ئەم بۆچونە هەموو داهێنانێک کە بە شێوەیەکی کەم یان زۆر پەیوەندی بە بازارەوە نەبێت ئەوا بێبەها و بێسود لە قەڵەم دەدرێت.

جیهانگیری هەوڵی گۆرینی بەها و دابونەریت و کەلتورەکانی کۆمەڵگا دەدات، سینەما و تەلەفزیۆن و یاریگاکانی تۆپی، بەرەبەرە خەریکی گۆڕانی بیروبۆچون و بەها و ئەو دابونەریتانەن کە کۆمەڵگا لەسەری دەروات.

**ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی:**

**رۆژنامە:**

تەکنەلۆژیا یارمەتیدەر بوو بۆ گواستنەوەی ڕۆژنامە لە جۆری نیوەخۆیی و ناوچەیی تەسک بۆ ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتی خاوەن چاپی فراوان و کاریگەری گەورە ئەویش دوابەدوای ئەو پێشکەوتنەی لە بواری ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی دەبینرێت. بۆیە لە ئێستادا پێناسەی ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتی بریتییە لە (هەر جۆرێک لە بڵاوکراوە کە بەشێوەیەکی خولی رێک دەردەچێت لە وڵاتێک، دابەشدەکرێت بەسەر وڵاتانی تر).

ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەکان پێویستە سێ ڕەگەزی سەرەکیان هەبێت، ئەوانیش:

1. بڵاوکردنەوەی چاپی ڕۆژنامەکە لە دەرەوەی سنووری ئەو وڵاتەی کە خاوەنیەتی.
2. بەهێزی کاریگەری لەناوەوەی وڵات و دەرەوەیدا، ئەم بەهێزییە پەیوەستە بە ناوەرۆکی بابەتەکانی.
3. بڵاوکردنەوەی بەو زمانانەی کە ڕێگا بدات بگات بە سنورێکی جیهانی یاخود بڵاوکردنەوەی بە چەندین زمانی جیهانی.

دەکرێت دوو شێواز لە ڕۆژنامەی نێودەوڵەتی جیابکەینەوە، ئەوانیش ئەو ڕۆژنامانەی کە چاپی لە وڵاتانی تر بڵاودەبنەوە بە هەمان زمانی دەرچوونی پێیان دەوترێت

(ڕۆژنامەی چاپی نێودەوڵەتی) لە دیارترین ئەم جۆرە ڕۆژنامانە (فاینێشناڵ تایمز)ی بەریتانییە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی جەماوەری ئابورییە، بەزمانی ئینگلیزی چاپی دەگاتە 19%ی وڵاتانی جیهان.

جۆری دووەمی ڕۆژنامە ئەوانەن کە جگە لە زمانی ڕەسمی ڕۆژنامەکە لە ناوچەکانی تر بە زمانی ئەو ناوچانە چاپی هەیە لە دیارترینیان گۆڤاری (Play Boy)ە جگە لە چاپی فەرمی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، چاپی بیانی هەیە بۆ هەریەکێک لە فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتالیا، یابان، مەکسیک هەروەها بەرازیل. بەڵام لە ڕووی ناوەرۆک جیاوازی هەیە لە بابەتەکان چونکە هەندێک ناوچە سانسۆر دەخەنە سەر بەشێک لە بابەتەکان.

**<u>نموونەی ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەکان:</u>**

- Washington Post، نیویۆرک تایمز، ۆول ستریت جۆرناڵ، تایم، نیوزویک، زە ریدەر دایجێست/ ئەمریکا.
- Daily courant, Times, Guardian, The Sun، فاینیشناڵ، لوبزرفر، گۆڤاری ئیکۆنۆمیست/ بەریتانی.
- لۆمۆند، فیگارۆ، لواکسبریس، لوبوان، لۆکارانا نشنیە/ فەرەنسی.
- Bild/ ئەڵمانی.
- Yomiuri, Asami/ یابانی.
- Middle East/ ڕۆژهەلاتی ناوەراست.

**<u>ڕادیۆی نێودەوڵەتی:</u>**

دیارترین پێناسە بۆ ڕادیۆ نێودەولەتییەکان بریتییە لە (ئەو ڕادیۆیانەن کە بەرنامەکانین پەخش دەکرێت لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر یان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر، بە گشت زمانەکانی ئەو ولاتانەی ئەم ڕادیۆیانە مەبەستیانە). ڕادیۆکان پەخشیان بەشێوەیەکی بەمەبەست و ئامانجدارانە دەگەیەنن بە ولات و ناوچەیەکی تر بۆ دروستکردنی کاریگەری بۆ ڕای گشتی ئەو ناوچەیە.

دوای پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا ژمارەی رادیۆکان زیادیان کردووە لە ناودارترین ڕادیۆ نێودەوڵەتییەکان:

- دەستەی رادیۆی بەریتانی BBC.
- ڕادیۆی دەستەی نەتەوە یەکگرتوەکان UN Radio
- ڕادیۆی دەنگی ئەڵمانیا DW
- ڕادیۆی دەنگی ڕوسیا Voice of Russia.
- ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا بە ئینگلیزی Voice of America ڕادیۆی کەنەدای نێودەوڵەتی Canada international Radio
- ڕادیۆی فەرەنسای نێودەوڵەتی Radio France international
- رادیۆی مۆنتی کارلۆی نێودەوڵەتی (فەرەنسی بە زمانی عەرەبی).
- رادیۆی هۆڵەندای جیهانی (ئەمستردام).
- رادیۆی ئیتالی جیهانی.
- رادیۆی سینی جیهانی.
- رادیۆی سەوا (ئەمریکی بە زمانی عەرەبی بۆ گەنجانی عەرەبی لە رۆژهەلاتی ناوەراست).

**تەلەفزیۆن:**

بریتییە لە جۆرێک لە جۆرەکانی پەخشی تەلەفزیۆنی هەڵدەستێت بە گواستنەوەی وینەی گۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر لەگەڵ گواستنەوەی لایەنە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسیەکانی ئەو لایەنە.

کەناله تەلەفزیۆنییە نێودەوڵەتییەکان بریتیین لە :

1. کەناڵە تەلەفزیۆنییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکی:
   - سی ئێن ئێن CNN
   - ئەی بی سی ABC
   - ئێن بی سی NBC
   - سی بی ئێس CBS
2. کەناڵە نێودەوڵەتییە فەرەنسیەکان:
   - France24

- BFM TV له ساڵی 2004ەوە دامەزراوە پەخشی لە پاریسە بۆ گشت وڵاتانی جیهان.

3. کەناڵە تەلەفزیۆنییە عەرەبیە نێودەوڵەتییەکان:
- ئەلجەزیرە Aljazeera International News Live
- کەناڵی عەرەبیەی راستەوخۆ AL Arabia live TV
- تەلەفزیۆنی رۆژهەلاتی ناوەراست MBC
- رادیۆ و تەلەفزیۆنی عەرەب ART

**ئاژانسەکانی دەنگوباس:**

ئاژانسە سەرەکییەکانی هەواڵ یەکێکن لە بنەماکانی سیستمی میدیایی نێودەوڵەتی وێڕای ڕۆڵی ئەم ئاژانسانە لە چالاکییەکانی میدیایی سنووربڕدا ئەوان توانیویانە چەندین جۆر سەرمایەدار و خاوەن پشک بۆ نێو میدیایی نێودەوڵەتی پەڵکێش بکەن، لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیەوە ئاژانسەکانی هەواڵ بابەتی سەرەکی گفتوگۆی میدیایە نێودەوڵەتی بوون.

ئاژانسە گەورە و سەرەکییەکانی جیهان (رۆیتەرز/Reuters، ئاسۆشیتد پریس/ Associated Press (AP) ، ئاژانسی یونایتد پرێس/ (United Press (UPI International، ئاژانسی ڕۆژنامەگەریی فەرەنسی/ (Agency France (AFP Press) نیشتەجێی لەندەن و نیۆیۆرک و پاریسن. ئەم ئاژانسانە کۆنترۆڵی 80% ی هەواڵەکانی جیهان دەکەن، لە ڕووماڵکردنی هەواڵەکانیاندا _ بەتایبەتی وڵاتانی پەراوێز_ زیاتر جەخت لەسەر لایەنە نیگەتیڤەکانی وەک شەڕی نێوەخۆیی و کارەساتی سروشتی و تیرۆر دەکەنەوە و بایەخێکی ئەوتۆ نادەن بە گواستنەوەی هەواڵی پۆزەتیڤی هەرێمە هەژارەکانی وەک ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین و ئاسیا.

کۆنترۆڵکردنی جموجۆڵی هەواڵە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن هەرسێ ئاژانسە هەواڵییە گەورەکانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ئاژانسانە بە زمانە جیاجیاکان لەسەرتاسەری جیهاندا هێزێکی گەورە و توانایەکی باشیان لە ڕووی ئەو ئامێرە تەکنەلۆژیانەوە هەیە کە بەکاریان دەهێنن بۆ کۆکردنەوە و دابەشکردنی هەواڵەکان،

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نوسینگەیان لە زیاتر لە سەد دەوڵەتدا هەیە و هەزاران کارمەند و پەیامنێریان هەیە کە ڕۆژانە چەندین هەزار وشە  کۆدەکەنەوە و چەندین ملیۆن وشەی تریش لەسەر ئاستی جیهانی و نیشتیمانی بڵاو دەکەنەوە. هەر یەکەیان بیست و چوار کاتژمێر هەواڵەکانیان بەسەر هەزاران لە ئاژانسە نیشتیمانی و ڕۆژنامە هاوبەش و دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە زیاتر لە سەد دەوڵەتدا دابەش دەکەن، هەر هەموویان (واتە هەر سێ ئاژانسە گەورەکە) کارەکانیان خۆیان بە ڕێکوپێکی بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیسپانی و ڕوسی و پرتوگالی و عەرەبی و زمانە کەمبایەخەکانی تریش پێشکەش دەکەن.

**جۆرەکانی ئاژانسی هەواڵ:**

**یەکەم/** لەسەر بنەمای سنووری جوگرافی:

أ.  ئاژانسی هەواڵی جیهانی.
ب. ئاژانسی هەواڵی هەرێمی.
ت. ئاژانسی هەواڵی نیشتمانی.

**دووەم/** لەسەر بنەمای قەبارە:

أ. ئاژانسە هەواڵە گەورەکان: وەک( رۆیتەرز، ئاژانسە هەواڵی فەرەنسی، ئاسۆشیتد پرێس، ئاژانسی یونایتدپرس).
ب. ئاژانسە هەواڵیە بچووکەکان.

_ شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی وڵاتان لەلایەن ئاژانسەکانی هەواڵی نێودەوڵەتی:

- کۆنترۆلکردنی ئاژانسە گەورەکانی ڕاگەیاندن بۆتە هۆی دروستبونی ناهاوسەنگی لە جولەی هەواڵەکان ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ گەورەیی و بەهێزی ئاژانسەکان و بەکارهێنانی تەکەلۆژیای سەردەم لە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ بە زمانی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی جیهانی.
- پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان یارمەتیدەرە لە گەشەپێدانی توانای ئاژانسەکان بۆ کۆنترۆلکردنی زیاتر، بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایدا

لەگەڵ پێشکەوتنی هونەرەکان لە شێوازەکانی کۆکردنەوە و نوسیاری و ناردنی هەواڵ بە ڕێژەیەکی گەورە و بەخێرایەکی لەڕادەبەدەر.

- ئەم کۆنترۆلکردنەی ئاژانسە گەورەکان، بۆتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەیەکی ترسناک لە میدیای نێودەوڵەتی ئەویش بریتییە لە دروستبوونی ناهاوسەنگی لە دابەشبوونی هەواڵی جیهانی، بەجۆرێک ئاژانسە گەورەکان ڕووماڵی 80% ی هەوالی جیهانی دەکەن، ئەوی تریش 20% دەبێتە پشکی ولاتانی تازە گەشەسەندوو.

**نایەکسانی لە گواستنەوەی زانیاری** :

پرسی لێشاوی هەواڵ و پێوەرەکانی هەڵبژاردنی هەواڵ لە بابەتگەلێکی گرنگن لە ئێستادا کاریان لەسەر دەکرێت، بەتایبەتی لەگەڵ پەرەسەندنی ڕۆڵی ئاژانسە هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان، بە درێژایی شەو و ڕۆژ بەهەزاران هەواڵ پەخش دەکەن. هەندێک لە شارەزایانی ڕۆژنامەگەری پێیان وایە پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە ژێر ڕۆشنایی دۆخی ئێستای لێشاوی هەواڵدان، زانیارییەکان بەشیوەیەکی تاک جەمسەری پەخش و بڵاو دەکرێنەوە.

وۆڵتەرلیمان باس لەوە دەکات کە زۆر کەس لە ئەوروپا گوێیان لە سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم نەبوو لە ساڵی 1914 تا چەندین ڕۆژ.

دوا بە دوای هاتنی شۆرشی ئەلیکترۆنی و نێودەوڵەتی، گواستنەوەی هەواڵ خێراتر بوو، دوای ئەوەی ئەم داهێنانانە کاریان بۆ باشترکردنی ئەو ئامرازانە و پەرەپێدانی ئەم ئەرکانە و فراوانکردنی بازنەی خزمەتگوزاری هەواڵەکان کرد. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم واقیعە پەرەسەندووەدا، تیراژی هەواڵەکان ملکەچی ڕاستییە بنەڕەتییەکان بوو.

شارەزایانی پەیوەندییەکان پێیان وایە جیاوازی یان ناتەبایی لە ڕەوتی زانیاری لە نێوان ولاتانی پیشەسازی پێشکەوتووی باکوور و ولاتانی تازەپێگەیشتووی باشوور، دوو لایەنی هەیە:

**یەکەم:** لەڕووی چەندایەتی/ جیهان زیاتر لە 80%ی هەواڵەکانی لە (لەندەن، پاریس و نیویۆرک)ەوە لە ڕێگەی ئاژانسە هەواڵییە نێودەوڵەتییە گەورەکانەوە وەردەگرێت،

ئەو کەرەستە و زانیاریانەی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوەکان کەمن، لەڕووی قەبارە بچووکن، تەنها بەشێکی بچووکیان داگیرکردووە.

**دووەم:** لەڕووی چۆنایەتییەوە/ کوالیتی هەواڵەکانی پەخشکراوی دەزگا هەواڵییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها ڕۆژنامە نێودەوڵەتییەکان یان ئەوانەی کە بڵاوبوونەوەی جیهانییان هەیە، ئەوان لە ڕێگەی پەیامنێرەکانیانەوە هەواڵ و بابەتگەلێک بڵاودەبێتەوە کە تیشک دەخاتە سەر لایەنە نەرێنییەکانی وەک کارەسات، تێکچوونی ژینگەیی، بڵاوکردنەوەی زیاتری بابەتە نەرێنییەکان و خراپی دۆخی ئەو ناوچانە، کەمتر تیشک خستنەسەر بابەتە ئەرێنییەکان.

دۆخی وڵاتان لەڕووی دابەشبوونی هەواڵ و زانیاری بۆتە هۆکاری دابەشکردنی جیهان بۆ سەر دوو بەش: بەشێکی وڵاتانی پێشکەوتوون بەشەکەی تری وڵاتانی تازە گەشەسەندوون، ئەم دابەشبوونە تەنها لەچەند دەیەیەک ڕوویدا بۆ نموونەی کیشوەرێک بەتەنها خاوەنی 125 ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە لەبەرامبەردا 1600 ڕۆژنامە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەردەچێت.

بەمشێوەیە لێژنەیەکی نێودەوڵەتی هەڵسان بە لێکۆڵینەوەکردن لە کێشەی ناهاوسەنگی (نایەکسانی) لە بڵاوبوونەوەی هەواڵ و زانیاری، ئەم ناهاوسەنگییە لەسەر چەند ئاستێک بەدەرکەوت، لەوانە:

1. ناهاوسەنگی لەنێوان وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی تازە گەشەسەندوو.
2. ناهاوسەنگی لەنێوان ئەو وڵاتانەی خاوەن ئایدۆلۆژیا و فیکری جیاوازن.
3. ناهاوسەنگی لە نێوان وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەر بە هەمان سیستەمی سیاسی بەتایبەتی لە نێوان وڵاتە گەورەکاندا.
4. ناهاوسەنگی لە نێوان خودی وڵاتانی تازە گەشەسەندوو.
5. ناهاوسەنگی لەنێوان هەواڵە سیاسییەکان و ئەو هەواڵانەی پەیوەستن بە بابەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری وڵاتانی تازە گەشەسەندوو.
6. ناهاوسەنگی لە خستنەڕووی زانیارییەکان بەشێوەیەکی قوڵ ئەوانەی پەیوەستن بە پرسی گەشەسەندن لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان.

**گروپە گەورەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی:**

زۆر لە توێژەران دیاردەی میدیایی نێودەوڵەتی بە بە(ئەمریکا)یبوون لەقەلەم دەدەن، بەهۆی باڵادەستی ڕاشکاوانەی ئەمریکا لەم بوارەدا، ئەم کۆنترۆلکردنە بەرفراوانەی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان لەبواری گەیاندندا بەگوێرەی نموونەکەی (جوهان گالتینج) بۆتە هۆی دابەشکردنی جیهان بۆ دوو بەشی نایەکسان، ئەوانیش (ناوەند)ی باڵا دەست بریتییە لە وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتوەکان، (پەراوێز)ی دواکەوتوو کە ڕۆڵی شوێنکەوتوو دەبینێ لەم نموونەیەدا، میدیایی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی شاوڵی کاردەکات، لەسەرەوە وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتوەکانە و لە ژێرەوە وڵاتە تازە گەشەسەندوو و دواکەوتوەکانە.

**هەندێک لەم گروپانە بریتیین لە:**

1. **دیزنی Disney:**

کۆمپانیای واڵت دیزنی یەکێکە لە بەناوبانگترین کۆمپانیای ڕاگەیاندن و کاتبەسەربردنی ئەمریکییەکان, کۆمەڵەکەی بەناوی دیزنی میدیا بەناوبانگە. لەساڵی ١٩٩٣ دامەزراوە لەلایەن دوو برا لەشێوەی ستۆدیۆیەکی هونەری جولاو. دیزنی خاوەنداریەتی چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی دەکات لەوانە:

- دیزنی Disney
- ABC
- National Geographic ESPN
- FX
- Freefrom

هەروەها خاوەنی ١٨ شاری یاری و کاتبەسەربردنە لە هەموو جیهان, کۆمپانیای دیزنی لە دوای ساڵی ٢٠١٨ فراوانتربوو دوای کرینی بەشێکی گەورە لە کۆمپانیای ( 21st Century Fox)ی ئەمریکی.

### ٢. کۆمکاست:

کۆمپانیای کۆمکاست بارەگای سەرەکی لە بنسلڤانیایە, بەدووەم گەورەترین کۆمپانیا دادەنرێت لە ئەمریکا, کۆمکاست خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی:

- NBC
- USA Network
- Telemundo
- TeleXitos
- Cozi TV
- MSNBC
- CNBC
- Bravo

هەروەها خاوەنی ستۆدیۆی فیلمی (Universal Pictures)ە, هەروەها ستۆدیۆی فیلمی جوڵاو, لە ٢٠١٨ەوە بۆتە کۆمپانیای دایک بۆ کۆمپانیای (سکای گروپ)ی ڕاگەیاندنی جەماوەری ئەوروپی.

### ٣. وارنەر:

کۆمپانیای تایم وارنەر لە ساڵی ١٩٩٠ دامەزراوە لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمپانیای تایم و کۆمپانیای وارنەر بۆ پەیوەندیکردن. لە ٢٠١٨ کۆمپانیای AT&T دەستیگرت بەسەر تایم وارنەر ناوەکەی گۆڕی بۆ (وارنەر میدیا). لە ٢٠٢١ کۆمپانیاکە لەگەڵ کۆمپانیای دیسکەڤەری یەکیگرت و بوو بە (وارنەر بروس دیسکەڤەری- Warner Bros Discovery).

کۆمپانیاکە بارەگای سەرەکی لە نیۆیورکە, خاوەنی سێ لە گەورەترین تۆڕی تەلەفزیۆنییە لە جیهان, یەکێک لەوانە کەناڵی CNN, هەروەها سیستەمی تێرنەر بۆ پەخش, وارنەر بروس بۆ وێنەی جوڵاو, WBبۆ منداڵان, سینەما نیولاین, HBO, دی سی کۆمکاست... هتد.

- ناودارترین دامەزراوە میدیاییەکانی هەر سێ کۆمپانیا دەخەینەڕوو:

| Disney | Comcast | Warner |
|---|---|---|
| ABC | NBC | CNN News Group |
| Disney Channel | Oxygen | DC Entertainment and Films |
| Freefrom | USA Network | Warner Bros Pictures |
| ESPN | Universal Pictures | HBO and Cinemax |
| FX | DreamWorks Animation | Turner Entertainment Network |
| National Geographic | Universal Praks | Adult Swim and Cartoon Network |
| Walt Disney Pictures | | |
| Walt Disney Animation Studios | | |
| Pixar | | |
| Marvel Studios | | |
| $20^{th}$ Century Studios | | |
| Searchlight | | |
| Blue Sky Studios | | |

ئەگەرچی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەبەردەوامی ڕووبەرووی ڕەخنەی توند دەبێتەوە ئەم ولاتە بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە سەرقاڵی ناردنە دەرەوەی فەرهەنگی هۆلیودە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ بزانین کە ژمارەیەک کۆمپانیایی نێودەوڵەتی فرەشێوازی وەک (سۆنی, نیوز کۆرپەرەیشن, ڤیڤندی یۆنیڤێرسال, برتلزمانی ئەلمانی ) هی تریش هەن مۆڵکی لایەن و خەڵکانێکی بیانی و غەیرە ئەمریکیین، دواتر تۆێژەرانی سەر بە قوتابخانەی ڕەخنەیی لە شەستەکان و حەفتاکاندا برێکی گەورەی ئەدەبیاتیان سەبارەت بە ئیمپریالیزمی کلتوری بەرهەم هێنا، ئەم لێکۆلینەوانە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتوەکانیان لە هەڵاوسانی شێوازەکانی ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی سەرکۆنە کرد.

برێک لەو ڕەخنانە لە هەشتاکاندا خزێنرانە نێو بەیاننامە و بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ و تا ئەمرۆ لەلایەن لایەنگرانی ئەجێندای ماکبرایدەوە دووبارە دەکرێتەوە، ئەو

ئەجێندایەی کە کۆشش دەکات بۆ دەستەبەرکردنی هەلڕژانی یەکسان و هاوسەنگی شێوازەکانی ڕاگەیاندن لەبواری نێودەولەتییدا، دواتر ئەو توێژینەوانەی کە تایبەت بوون بە ئیمپریالیزمی کلتووری دەستیان کرد بە گرنگیدان بە دیراسەکردنی سیستەمەکانی تری ڕاگەیاندن، ژمارەیەکی گەورەی ئەو لێکۆڵەرانە لە ڕەخنەکانی پێشوویان پەشیمان بوونەوە ئەمەش ئەو کاتە ڕوویدا کە کۆمپانیای سۆنی ژاپۆنی، کۆمپانیای کۆلۆمبیای بۆ بەرهەمهێنانی سینەمایی ئەمریکی کری، دوای ئەوە وێنەی هۆلیود بەشێوەیەکی سەرنجراکێش ڕووی لە گۆران کرد.

**تیۆرە پەیوەندیدارەکان بە میدیایی نێودەولەتی**

_ **<u>تیۆری کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی</u>** <u>[Electronic Colonialism Theory (ECT)]:</u>

ناسراوترین لێکۆلەرانی ئەم قوتابخانەیەش: مارشال ماکلوهان، هارۆڵد ئینز، جیرت بارنیت، جاکوز ئیلیل و ئەرماند ماتیلارتن.

تیۆری کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی پێی وایە کە **<u>بەرهەمە ڕۆشنبیریە بیانیەکان توانایان هەیە کار بکەنە سەر بنەماکانی ڕۆشنبیری نێوەخۆیی و شێوازەکانی ڕاگەیاندنی ئەو ولاتانەی کە پێشوازی لەم جۆرە بەرهەمانە دەکەن</u>**.

تیۆری ناوبراو بەپلەی یەکەم جەخت لەسەر ئەو وەچەرخانە ئابووریانە دەکاتەوە کەلە ڕێگەیانەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی نێودەولەتی بەشداری لە پرۆسەکانی فرۆشتنی کەلوپەل و خزمەتگوزاریەکاندا دەکەن. ئەم دامودەزگایانە وەک سەرچاوەیەکی داهات دەڕواننە وەچەرخانە ئابورییەکان،

تیۆری کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی بایەخ بە ئاسەوارە کۆمەلایەتی و کلتورییەکانی ئەم جۆرە چالاکییە ئابوریانە دەدات، ئەم چالاکیانە پەیوەندیان بە دارشتنی ئاسەوارەکانەوە هەیە، بەتایبەتی بۆ ئەو بەکارهێنەرە بچوکانەی کە بەدوای بەرهەمە بیانیەکانی وەک کتێب و فیلمی کارتۆنی و موزیک و فیلمی ڤیدیۆیدا دەگەڕێن.

دەکرێ لەڕێگەی ئەم شێوەیەوە قۆناغەکانی گەشەکردنی تیۆری کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی بخەینەروو:

| **سەردەمەکان** | **ماوە مێژووییەکان** |
|---|---|
| کۆلۆنیالیزمی سەربازی | 1000 _ پێش زایین |
| کۆلۆنیالیزمی مەسیحی | 1000_ 1600 ز |

| | |
|---|---|
| کۆلۆنیالیزمی بازرگانی | 1600_ 1950 ز |
| کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی | 1950 تا ئێستا |

وڵاتانی کەمتر گەشەکردوو ئەوەندەی لە کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی ترسان ئەوەندە ترسیان لە کۆلۆنیالیزمی بازرگانی نەبوو، چونکە جۆری دووەم بەدوای دەستی کاری هەرزاند دەگەرا، لەکاتێک کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی تا ئەمرۆش بەدوای ئەوەدا دەگەرێت کە چۆن زیاتر کاربکاتە سەر عەقلەکان.

زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانی وەک (بای وۆچ _1989، دالاس، زنجیرە کارتۆنی سیمپسۆن، ساوس پارک)، بینەرانی ئەم بەرهەمانە توانییان بۆچون و لێکدانەوەی عەقلی جۆراوجۆر سەبارەت بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دروست بکەن، دەکرێ بڵێن تیۆری کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی پشت دەبەستێ بەئەنجامە درێژخایەنەکانی ئاسەواری ئەم وێنە و پەیامانەی کەلە پێناو کاریگەرەرکردنی بازارە ڕۆژئاواییەکاندا بڵاویان دەکاتەوە.

**تیۆری سیستمی جیهانی** [World_ System Theory (WST)]:

دەکرێ بوترێ تیۆری سیستمی جیهان شێوازی ڕێکخستنی چالاکییە جیهانیەکانە لەبواری ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتییدا، ئەم تیۆرە لەلایەن (ئیمانویل وولیرسنتین) گەشەی پێدراوە، ئەم تیۆرە جیهان دەکاتە سێ کەرتی سەرەکی کە ئەمانەن: وڵاتانی ناوەند، وڵاتانی پەراوێز و نیمچەپەراوێز. سەرەرای کەمی ژمارەیان، بەڵام وڵاتانی ناوەند چالاکی گەورەی ئابووری ئەنجام دەدەن و کۆنترۆڵی سەرجەم پەیوەندییەکان دەکەن، گرنگترین وڵاتانی ئەم گروپە ئەمانەن: ویلایەتە یەکگرتوەکان، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، ژاپۆن، ئەمانە خاوەنی هێزی وان کە بتوانن ئەم یاسایانە دابرێژن کە دەبنە مایەی دیاریکردنی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی گروپەکانی تردا، هەندێک وڵاتی ناوەندی دیکەی وەک ئوستراليا و نیوزلەندا ترسیان هەیە لەوەی بخزێنە ناو گرووپی دووەمی وڵاتانی جیهان_ نیمچەپەراوێز_ لەکاتێکدا ئەگەر بتوانن پیشەسازی زانیارییەکان بۆ خۆیان ڕابکێشن و کادر و شارەزای بۆ دابین بکەن.

دەوڵەتانی نیمچەپەراوێزیش ژمارەیان زۆرە و لەگەڵ وڵاتانی ناوەندا کارلێک و مامەڵە دەکەن، بەڵام خاوەنی توانای سیاسی و دامودەزگای پێویست نین بۆ ئەوەی بچنە

ڕیزی وڵاتانی ناوەند.  ئەمانەش هەندێک وڵاتی نێو ئەو گرووپەن: کۆریای باشور، مەکسیک، بەرازیل، چەند وڵاتێکی ڕۆژهەلاتی ناوەراست و ئەو وڵاتانەی کە بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی بوونیان بەوڵاتی ناوەند، هەوڵی چوونە ناو ڕیزەکانی یەکێتی ئەوروپا دەدەن.

کەرتی سێیەم وڵاتانی پەراوێز دەگرێتە خۆی و بە وڵاتانی تازە گەشەکردوو ناودەبرێن ئەمانە خاوەنی هێزێکی لاوازی سیاسین و لە زۆربەی حالەتەکاندا ڕێککەوتن و مامەڵە ئابوریەکانیان بۆ بەرژەوەندی کەرتی یەکەم و دووم دەگەڕێنەوە، دەوڵەتانی ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین و زۆربەی وڵاتانی ئاسیا لەنێو ئەم کەرتەدان و تیایاندا هەناردەی بەرنامە میدیاکان و فێرکردن و شێوازەکانی تەکنەلۆژیا دەگمەنن، ئەمەش بێگومان لەلایەن وڵاتانی کەرتی یەکەم و دووەمەوە دەقۆزرێنەوە.

دەکری بوتری کە سیستمی جیهانی _تارادەیەک_ درێژەپێدەری گفتوگۆکانە سەبارەت بەبیرۆکەی هەڵڕژانی زانیارییەکان بەیەک ئاراستە،  بەڵام کاتێک کە دەڕوانینە جموجۆل و ئامادەبوونی بەرهەمە فەرهەنگییەکان، هەست بە سەرکەوتنی وڵاتانی ناوەند دەکەین لەبواری بەرهەمهێناندا، دوای ئەوان وڵاتانی نیمچەپەراوێز و ئینجا وڵاتانی پەراوێز دێن.

**__تۆماس شانون__**، جموجۆلی ئابوری و کرێکاری و تەکنەلۆژی و هیتر، دەخاتە خانەی هەرسێ جۆری وڵاتانەوە (ناوەند، پەراوێز، نیمچە پەراوێز) وەک لەم شێوەیەدا:



**ولاَتانی پەراوێز:**
بوونی دەستی کار، کرێی کەم،
بەرهەمێکی تەکنەلۆژیای نزم، قۆزتنەوەی
گەورەی دەستی کار.

**ریکلامی نێودەوڵەتی:**

لێرەدا ئاماژە بە 10 گەورەترین کۆمپانیای ریکلام لە جیهان دەکەین:

1. General Motors.
2. Procter & Gamble.
3. Philip Morris.
4. Chrysler (Dailmer Chrysler).
5. Ford.
6. Time warner & (AOL).
7. PepsiCo.
8. Sears.
9. Walt Disney.
10. Johnson & Johnson.

**ئەم خالانەی خوارەوە پەیوەندی بنەرەتی نێوان ئاژانسەکانی ریکلامی نێودەولەتی و هەردوو تیۆری سیستمی جیهانی و کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی پێکەوە گرێ دەدەن:**

1. ئاژانسە سەرەکییەکانی ریکلامی نێودەولەتی جێگیری ولاتانی ناوەند و دەوڵەمەندن، وەک کۆمەلێک دامودەزگای کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنی هەڵسوکەوت دەکەن.
2. ئاژانسە سەرەکییەکانی ریکلام جەخت لەسەر دامەزراندنی ئەم جۆرە کەسانە دەکەنەوە کە خاوەنی توانای داهێنانن، بۆ ئەوەی بتوانن ریکلامی کاریگەر و شیاو بۆ بەشداربوان و هاوکارانیان بەرهەم بێنن لە ئەنجامی ئەمەدا ئەم ئاژانسانە توانیویانە لە بازاڕەکاندا رۆڵی سیاسی ببینن.
3. هیچ ئاژانسێکی ریکلامی نێودەوڵەتی نییە نیشتەجێی ولاتانی پەراوێز بن.
4. ئاژانسی ریکلامی نێودەوڵەتی چەندین خزمەتگوزاری جۆراوجۆر و ئالۆز دابین دەکەن، بەجۆرێک ئاژانسە نیوەخۆییەکانی ولاتانی تر ناتوانن لەگەلیاندا بکەونە ململانێ و ڕکابەری.

5. ئەو ئاژانسانە وێرای خزمەتگوزارییەکانی خۆیان ژمارەیەک لقیان هەیە کە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری تەواو دابین دەکەن، بەمەش بەشداربوانی نیشتەجێی وڵاتانی نیمچە پەراوێز و پەراوێز خۆیان لە تەڵەی کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنیدا دەدۆزنەوە، بەبێ ئەوەی رەچاوی ئەو گۆرانکاریانە بکەن کە لەوانە بەسەر هەڵسوکەوت و ئاسەوار و ئاراستەکاندا بێت.
6. هەندێک کەس لە گۆشەنیگای کۆلۆنیالیزمی ئەلیکترۆنیدا پێیان وایە کە ریکلام کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر بەها و ژیان و دابونەریتی خەلکی دیکە هەیە، زیاتر لەو کاریگەرییەی کە بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەفویۆنییەکان هەیانە.

**راگەیاندنی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوە:**

سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێکیش لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەیە:

أ. **نێوەخۆیی**: باسکردن لە مێژوو، ئایدۆلۆژیا، سرووشتی دیمۆگرافی و توانستی ئابووری و سەربازی و پەیکەربەندی سیاسی ئەو وڵاتەیە.

ب. **کیشوەری**: کۆمەڵێک هۆکاری کیشوەری هەن بۆ کارلێککردنی ڕەگەزەکانی هێز لەسەر ئاستی کیشوەرەکان و توانای کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوە.

ج. **نێودەوڵەتی**: پەیوەستە بە بە سیستەمی نێودەوڵەتی، تایبەتمەندی و ڕەهەندەکانی، لەگەڵ پەیوەندی نێوان وڵاتانی زلهێز و وڵاتە بچووکەکان و ڕەگەزکانی هێز و هاوپەیمانێتییان و ئاستی کاریگەرییان لەسەر سیاسەتە جیاوازەکان.

**_ سنووری ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی، وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە:**

1. ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە پاڵپشتی یەکتردەکەن، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان، ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی لە بنەڕەتدا بابەت و پرسە هەنووییەکانی تێدا ڕەنگدەداتەوە.
2. چەندە سیاسەتی دەرەوە، لەسەر بنەمای ورد و زانستی بنیاتنرابێت و ڕێگەی گونجاوی خۆی وەرگرتبێت بۆ بڕیاردان، ئەوا هێندەش ڕاگەیاندن پاڵپشتی و هاوکاری ئەو سیاسەتە دەرەکییە دەکات.

3. ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی، وەکو ئامرازێک لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە، بۆ وڵاتانی زلهێز گرنگی زیاترە، بۆ ئەوەی سنووری بەرژەوەندییەکانی خۆی فراوانتر بکات.
4. ئەو وڵاتانەی بە دەست داگیرکەری بیانییەوە دەناڵێنن، گرنگی زیاتر بە ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی دەدەن، بۆ ئەوەی سیاسەت و هەڵویستی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ڕوونبکەنەوە.
5. لە ئێستادا پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان ڕاگەیاندنە نێوەخۆی و نێودەوڵەتیەکاندا هەیە، بەتایبەتیش بەهۆی پێشکەوتنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی هەواڵی نێوەخۆی وڵاتان، لەلایەن ئاژانسەکانی هەواڵەوە بۆ هەموو جیهان.
6. ڕاگەیاندنی نێودەوڵەتی پێویستی بە توانایەکی ئابووری بەرز هەیە، ئەوەش لە پێناو شیکردنەوە و بەرپەرچدانەوەی پروپاگەندەی وڵاتانی زلهێز.